# پەیوەندی کەلەپوور بە زانستەکانی ترەوە
# بەنموونەی دەقی فۆلکلۆری و کەلەپووری

**إبراهیم حەسەن حەمەد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: Ibrahim.hamad1@su.edu.krd

**پوختە**:
کەلەپوور وەک بابەتێکی گرنگ لە بواری ئەدەبدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی و تێکچڕژاوی لەگەڵ زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە، لەبەرئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لە یەکتر جیانابنەوە ،بۆ نمونە : زانستی کەلەپوور پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زانستی مێژووەوە هەیە، هەردووکیان لە رابردووی مرۆڤ دەکۆڵنەوە . هەروەها ئەم زانستە پەیوەندیەکی زۆر بنەرەتی لەگەڵ مرۆڤناسی (ئەنثرۆپۆلۆژیا) هەیە چونکە هەردووکیان بازنەی لێکۆڵینەوەیان مرۆڤە .هەربەم شێوەیە زانستی کەلەپوور لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هاوبەشە، چونکە هەردووکیان دیسان لە مرۆڤ و دیاردە وپەیوەندی کۆمەڵایەتی وگەشەسەندنی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە .لە دواجاردا زانستی کەلەپوور پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ دەروونناسیدا هەیە ، چونکە کەلەپوور ودەقەکانی کەلەپوور بەتایبەتی هەقایەتەکان، کە باشترین مەیدانە بۆ دەستەبەرکردنی ڕەفتار و ڕەوشت ودیاری کردنی باری دەروونی کەسەکان وگونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەر وژینگەیەکی تەندروست، بۆ ئەوەی ببن بە مرۆڤێکی تەندرووست و بەخشینی ئارام و هۆگری بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

بێگومان، کەلەپوور پەیوەندیەکی بەهێز و تۆکمەی هەیە لەگەڵ زۆربەی زۆری زانستەکانی تریشدا، بۆ نموونە: شوێنەوارناسی و یاسا و ئاین و...هتد بەڵام لێرەدا هەوڵمان داوە تەنها تیشک بخەینە سەر مێژوو و ئەنثرۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و دەروونزانیەوە.

**کلیلە وشەکان:** کەلەپوور، مێژوو، ئەنثرۆپۆلۆژیا، دەروونشیکاری، کۆمەڵناسی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی ( پەیوەندی کەلەپوور بە زانستەکانی ترەوە) کەلەپوور زاراوەیەکی کوردییە و ئەم زاراوەیە بۆ هەموو جێماوێکی کۆنی ماددی و مەعنەوی بەکارهاتووە، کە لە میللەتەوە بەجێمابێت، زانایان و ڕۆشنبیرانی بواری کەلەپوور، لە بەکارهێنانی زاراوەی کەلەپوور لەسەر یەک بیروباوەڕ نین و هەندێکیان کەلەپووری میللی بەکاردەهێنن و هەندێکی دیکەش فۆلکلۆر بە هاوواتەی کەلەپوور دادەنێن. کەلەپووری میللی لەلایەن زانایان و ڕۆشنبیران بە زانستێکی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدەن چونکە ئەم زانستە ئەمڕۆ میتۆدێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە کە ئەرکی گەیاندنی پەیامی زانستی و نەتەوەییە، لەناو میللەتدا کاری لەسەر بکات و لێی بکۆڵێتەوە و لەناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە، بەمەش بەرهەمێکی زانستی ئەوتۆی لێ دەکۆڵێتەوە و ڕەسمی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێ بکات و دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان و ئابووریەکانی دەوروبەری لێکبداتەوە.

زانستی کەلەپوور پەیوەندییەکی تێکچڕژاوی هەیە لەگەڵ زۆربەی زانستەکاندا، بە تایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەبەر ئەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لەیەکتر جیانابنەوە، بۆ نموونە: زانستی کەلەپوور پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زانستی مێژووەوە هەیە، هەر بەم شێوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی بە زاستی ئەنتۆپۆلۆژیادا هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە. لەدواجاردا، کەلەپوور دەبێتە کەرەسەیەکی خاو و گرنگی لێکۆڵینەوەی دەروونناسی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکی بنەڕەتی لەگەڵ زانستەکانی وەک شوێنەوارناسی و یاسا و هی تر هەیە کە ئێمە لێرەدا ئەم دووانە باس ناکەین بۆ ئەوەی باسەکەمان درێژ نەبێتەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە تۆکمە و بەهێزەیە، کە لەنێوان کەلەپوور و ئەو زانستانەدا هەیە، کە دیاریمان کردوون و کردوومانەتە تەوەرەکانی باسەکەمان.

ئاستەنگەکانی ڕێگەی لێکۆڵینەوەکە: هەڵبژاردنی باسێکی لەم جۆرە کەمێک زەحمەتە چونکە گومان لەوەدا نیە کە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوونی زۆر هەبوو، چونکە ئەم زانستانە زۆر تێکچڕژاو و چوونەتە ناویەک و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی تا ڕادەیەک زەحمەتی تێدابوو.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: بۆ ئەوەی ڕێباز و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە زانستی و ئەکادیمی خۆی دەست نیشان بدات، هەر بۆیە میتۆدی وەسفی تێدا بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە ڕوون بکرێتەوە، پاشان میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دەقە هەقایەتییەکان بخەینە ڕوو و شیکاریان بکەینەوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە تاکو ئێستا باسێکی لەم شێوەیەم بەرچاو نەکەوتبوو لەبەرئەوەی کەلەپوور زۆر شتی بەسوود و جوانی تێدایە وە بۆ ئەوەش زیاتر سوود لە زانستەکانی تریش وەربگرین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و چوار تەوەرە و ئەنجام و سەرچاوەکان پێک هاتووە:

تەوەرەی یەکەم/ باس لە پەیوەندی کەلەپوور دەکات لەگەڵ زانستی مێژوودا چونکە کەلەپوور گرنگییەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ مێژوودا بە تایبەتی مێژووی میللی و لەوێشەوە تێکەڵی مێژووی فەرمی دەبێتەوە و سوود بە مێژووی گشتی میللەت دەگەیەنێت.

تەوەرەی دووەم/ پەیوەندی کەلەپوور بە زانستی مرۆڤەوە ( ئەنترۆپۆلۆژیا) ڕوون کراوەتەوە و نیشان دراوە، کە هەردەەکیان لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تەوەرەی سێیەم/ پەیوەندی کەلەپوور بە زانستی ( کۆمەڵناسی) پیشان دەدات کە ئەو دوو زانستە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە و هەردووکیان مەیدانێکی بەرفراوانن بۆ توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

تەوەرەی چوارەم/ پەیوەندی کەلەپوور دەردەخات لەگەڵ دەروونناسی مرۆڤ ئەم زانستە پەیوەندییەکی گرنگی بە دەروونزانییەوە هەیە، چەنکە باشترین زانستە بۆ دەستەبەرکردنی ڕەفتار و ڕەوشت و دیاری کردنی باری دەروونی کەسەکان و گونجانیان لەگەڵ دەوروبەر و جێهێشتنی کاریگەری تەواو بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤەوە دەست نیشان دەکات. لە کۆتایی باسەکەشدا بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

## 1. پەیوەندی کەلەپوور بە زانستی مێژووەوە:

لە کتێبە فەلسەفەییەکاندا زۆر کات ئاماژە بەوە کراوە ، کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە ، بەردەوام پرسیار لە خۆی دەکات ،کە بۆچی هاتۆتە سەر ڕووی دنیا،و ئەو بوون و گەردوونە لە کوێوە هاتووە؟

مێژوو خۆی لە خۆیدا زانستێکە، کە یەکێک لەو هۆکارانەی بەکارهێنراوە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوویدا ، یەکێک لە واتەکانی مێژوو چیرۆکی مرۆڤە لە گەردووندا و بوارەکەشی واتە بواری زانستی فۆلکلۆرە،کە بریتییە لە بنیات نانەوەی ڕۆحی مرۆڤ نەک لە ڕێگای بەرهەمی شاعیران،و بیرمەندە گەورە و بەناوودەنگەکانەوە ، بەڵکو لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە،لەو لایەنەوە سەرنج دەدەین ، کە زانستی فۆلکلۆر لەگەڵ زانستی مێژوودا هاوتەریبە و گونجاوە، واتە لەگەڵ بواری توێژینەوە مێژووییەکانەوە، گرنگی بە پەرەسەندنی مرۆڤ و دووبارە دارشتنەوەی مێژووی مرۆڤ دەدات لە ڕێگەی پشکنین و داهێنانە ڕووەکییەکانەوە، بۆیە زانای زانستی فۆلکلۆر (ئەلیکساندەر کراپ) بەوە وەسفی دەکات.کەوا (( زانستێکی مێژووییە تیشک دەخاتە سەر ڕابردووی مرۆڤ .ئەگەر مێژوو لە چاخە جیاجیاکانی بکۆڵێتەوە، هەروەک چۆن ئەو چاخانە توێژێکی کەم لە چینی حاکم و پیاوانی بیرمەند و ئەدیبان بەشێوەی تایبەت نوێنەرایەتییان کردووە.ئەوا لەسەر فۆلکلۆر پێویستە بینای ڕۆحی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە ، کە دەنگی گشت خەڵکی نوێنەریەتی دەکەن)).(المطور،2007،41).

دوای ئەوەی مرۆڤ بیری کردەوە و لە ڕێگەی ئەفسانەوە خۆی سەلماند، چونکە ئەفسانە خۆی ((وەک دەفرێک وابووە ، نویشکی هزرو بیری تێداداڕێژراوە، و هۆکارێک بووە بۆ گوزارشت کردن لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی وەک: چالاکی سیاسی و ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینی و..........هتد.بۆیە دەبینین ، لەو ماوە مێژووییانەدا، جگە لە سەرچاوەی مێژوویی ئەفسانە و ئەدەب و شوێنەوار ، زۆرجار هەر نەبووە، هەندێک کەس ئەو کاتانە بە کاتی چاخە ئەفسانەییەکان وەسف دەکەن لە تەمەنی گەلەکاندا ، لەبەرئەوە ئەفسانە هۆکارێک بووە بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئەو گەلانە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، کە دەستەواژەی ((چاخە ئەفسانەییەکان)) لە ڕووداوی مێژوویی واقیعی و ئەو ڕووداوە مێژووییانە خاڵی بێت کە ئاماژە بەوە دەکەن ، لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ و ئەو سەردەم گونجاو بووە)).(قاسم ،2008،36).

ئیدی کە داستان هاتە کایەوە و بوو بە بەشێک لە ژیان و مێژووی ئەو مرۆڤانە ((ئەوانەی کەمێک لە مێژووی گەلەکەماندا ئاگادارین دەزانن ،کە کوردستان لە نێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و سەفەوییەکاندا وەک کەوڵی حەوت لەسەریەک کێشراوەتەوە، نێزەو مەتاڵ بەدەست ،شمشاڵ لە قەد ،قەرەبینا و ڕەنۆک لە شان، ژیانیان بە دانیشتوانی تاڵ کردووە، و هەرگیز ڕووی خۆشیان بە خۆوە نەدیتووە. ئاوارە و پەڕاگەندەبوون ،و مێگەلە مەڕیان ڕاماڵ کراوە و زۆر کارەساتی دڵتەزێن و دوور لە مرۆڤایەتیان بەدیهێناوە، و زۆرجار ڕووبەڕووی دوژمن بوونەتەوە، و قارەمانانە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سەریان ناوەتەوە،ئەو بابەتەی هەوێنی زۆربەی بەیتەکانن.هەوێنی بەیتەکان لە ڕووی و قارەمانێتی و دەرد و غەم، گریان و شادی و نێو بەیتەکانە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ فەرقێکی وای نەکردووە)).(بەحری،؟،2007).

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت ،کە پەیوندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان کەلەپوور و زانستی مرۆڤایەتیدا هەیە،زۆر بە ڕوونیش دەبینرێت لەبەرئەوە ، ((تیشک و وێنەی مێژووی گەلی کورد، خەباتی خوێناوی لە پێناو ئازادی و سەربەستیدا و بەخت و چارەنووسی لە فۆلکلۆرەکەیدا دەبینرێت واتە هەر کارەساتێکی گەورە و گرنگ و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی،هەر ڕووداوێکی گرنگ و ناخۆش کە لە هەر سووچێکی کوردستاندا بووبێت،بە زمانێکی سادە و پوخت و پاراو هۆنراوەتەوە)).(عبدالقادر،26،2005).

کەوا بێت داستان و بەیتەکانمان لە ئەدەبی فۆلکلۆری دا دەستێکی باڵایان لە دروستکردنی مێژووی نەتەوایەتیمان دا هەیە، ((بەیت بێژەکان لە گەرمە و جەرگەی هەموو ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیاندا بوونە و هیچ جموجۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبەر چاویان بزر نەبووە)).(وەلیانی،99،1383). هەروەها بەیتبێژ وەک مرۆڤێکی وردبین و ڕووناکبیر وەگ میراتگری بیر و بڕوای مێژووی پێشینان ، هەلی بۆ دەرەخسێت و دەست لە بنە گوێی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت بۆ نموونە ((بەیت بێژ لاگیری لە مەزن و پیاوی سەربەخۆیی(سۆران)ی بەلاوە گرنگتر بووە ، تا دڵی خونکاری ئیستەمبوڵێ هەربۆیە وێڕای قارەمانی چاونەترس لە سوڵتان ڕادەستێ و هەڵوێست وەردەگرێت،ئازایانە دەنگ هەڵدێنێ سەر قاقەزێکی نووسی لە بۆ میر سەیفەدین بەگی: ئەسپی بۆرە و مەرگەیی سەگڵاوە سوارین وەرنە ئێرە بەنگۆم هەیە کارە ، میر گووتی: گووی خوارد لە گووی بابی، ئەمن جارەکی دی خزمەتی وی ناکەم ئیختیارە ، حەقیش دەگەڵ بەغدا نییە، ئەوەم داگیرکرد بە یەکجارە)).(وەلیانی 1383 ، 99)

ئەو نموونەیەو چەندین نموونەی دیکەش، وادەکات ،کە بەیت بێژەکان وەک کەسێکی شارەزا و وردبینلە مێژووی میللەتەکەماندا، ئامادەباشییەکی باشیان هەبێت، و ئاگاداری هەموو هەڵس و کەوتێکی سەردەمی خۆیان بن.هەر بۆیە لە((گەلێک لاپەڕەی مێژووی سیاسی و وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، بە سوێند و بەڵێنی پاشاکان ڕەتکراونەتەوە. بنەماڵەی پاشایانی ئینگلیز و فەڕەنسی و لە کڵێسا لەسەر دەستی قەشە و پیاوماقووڵان بە خاچ و تەورات سوێند دەخۆن، کە ڕوو لە خەڵک وەرنەگێڕن.یا لە ڕۆژهەڵات خەلیفەی بەغدا، سوڵتانی عوسمانی ، پاشاکانی ئێران بە شایەتی شێخ و مەلا و سەیدی بارەگا قورئان مۆردەکەن. کە ڕێز و حورمەتی خەڵکیان لەبەر بێت و یاسای وڵات لەژێر پێ نەنێن. کەچی ئاکاریان پێچەوانەی ئەم شێوازە لەسەر بنەڕەتی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەڕێوە دە چوو)).(وەلیانی1383 ،100).

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پڕە لە یادگاری هەمەچەشنە و هەمەجۆرە ، خۆشی و ناخۆشی ، ئاوێنەیەکی بێگەردە ، و واقیع و ڕاستییەکتنی مێژووی تێدا دەبینرێت و دەبێتە شایەدیەکی زیندوو لە زووڵم و زۆرداری داگیرکەران، و بەرگری و فیداکاری و ڕزگاری و بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ گەل و ئەو بەیت بێژانە نەوە دوای نەوەبە یەکتریان ڕاسپاردووە و ڕاگەیاندووە ، و وەک مێژوویەکی پڕ لە واقیعی و ڕاستی و دیکۆمێنتاری ڕۆژانی ڕەش و تاریکی، ڕابردوومان دەنوێنن و هەر بۆیە دەبینین مێژووی ڕاستەقینەی کورد لەلایەن دوژمنانەوە چەواشەکراوە، ڕاستییەکانی دەستی بەسەردا گیراوە و نەیان هێشتووە بینووسنەوە و سڕاوەتەوە، خنکێنراوە و سووتێنراوە و کوژراوە و قەڵەم بەدەستەکانی میللەتیش بێدەنگ و کپ و خامۆش بێ سەروو شوێن کراون.

کەواتە زۆربەی بەشەکانی کەلەپوور و فۆلکلۆر لە ئەفسانە و داستان و بەیت و لاووک و گۆرانی سەرچاوەیەکی بەپێزن بۆ مێژووی گەلەکەمان ، بە تایبەتی داستان و بەیت و لاووکی مێرخاسی و حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری کورد وەک میللەتێک مێژوویەکی یەکجار دەوڵەمەندی هەیە، لەبەرئەوەی بەردەوام لە ژیانێکی پڕ لە هەڵبەز و دابەزدا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بووه ، ڕووداو كارەساتی ناخۆش و جەرگبڕ و ماڵ ویرانی تووش هاتووه، تۆمارنەكراوه و جا لەبەر ئەوه پێویسته خوێندنەوەیەكی تازەی بۆ بكرێت و بۆ ئەوەی كۆمەڵگه زیاتر سوودی لێ وەربگرێت و فەلسەفەی ژیانی لەسەر بنیات بنرێتەوه و بە دەستی خۆشمان ئەوه بكەین بۆ ئەوەی ئەم تەم و مژ و لێڵاوییه كه بەسەریدا هاتووه لەسەری لاببەین و زیاتر ڕوون و ئاشكرایی پێوه دیاره . ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت.

مێژووی گەلەكەمان دەكرێت بیكەین به دوو جۆر مێژوو،مێژووییەكی نووسراو ، واته فەرمی و مێژووییەكی زارەكی هەبێت، كه دەماودەم گێڕدراوەتەوه ، و میللەت شانازی پێوه دەكات، كه بێگومان مێژووی فەرمی سوودێكی زۆری لێوەردەگرێت و، پشتی پێ دەبەستێت .ئەویش له ڕێگەی دەقه فۆلكلۆری و كەله پوورییەكانەوه پیشان دەدرێت.كه له زاری كەسانی به توانا و ئەزموون و دنیا دیدەكانەوه دەگێڕدرێتەوه، به شێوەیەكی هونەری میللەت پیشان دەدرێت.

دەقی فۆلكلۆری ئەوانەی ڕووداوێكی مێژوویی لەخۆدەگرن، گرنگییەكی تایبەتییان هەیه بۆ زانستی مێژوو، دەبنه بەڵگه و كەرەستەیەكی ڕاست و دروست بۆ مێژووی ڕوودانی ئەو كارەساته، بۆ نموونه ((ئەمڕۆ هیچ لێكۆڵەرەیەكی كورد و غەیره كورد ئەگەر بیەوێت شتێك لەسەر قەڵای دمدم بنووسێت، به هیچ شێوەیەك ناتوانێت پشت لەو دەقه فۆلكلۆرییه كوردییانه بكات ، كه له زۆر ڕووەوه باس له داستانی قەڵای دمدم دەكەن . ئەگەر لێكۆڵەرەیەكیش هەبێت بڕوا بەو دەقه فۆلكلۆرییانه نەكات،ئەوا بەبێ گومان خۆی له خێر و بێری زەخیرەیەكی گەوره به دوور دەگرێت و كەم و كورتیەكی زۆریش دەخاته نێو لێكۆڵینەوەكەی). (حەسەن،7،2005 ).

نموونەی دەقێكی مێژوویی: مەلیك فەیسەڵ مەلیكه

پاشایه له بەغدایێ
ترومبێلی ئاگردا
بەنزینی بەردەدایێ
هێرۆەی قەدری ئەفەندی
عالەم هاته بادایێ
لێی كرده با و بۆران
كەس مەیلی خۆی نەدایێ
پاشەو پاش دەكشاوه
چۆوه له بۆ بەغدایێ

دیاره ئەو دەقه باس له هاتنی (مەلیك فەیسەڵ) دەكات، بۆ شاری هەولێر و بۆ باداوه له ساڵی 1925ز، و بۆ لای كەسایەتی ناوداری شاری هەولێری ئەو كاتی، (مەلا فەندی) و چەند كەسایەتیەكی دیكەی شار و بۆ یەكەمجار ئەو سەفەرەی كردووه .

نموونەیەكی دیكه له دەقی فۆلكلۆری، ڕووداوێكی مێژوویی زۆر گرنگه ،كه به شەڕی (سەر قیرێ) ناسراوه، ئەو شەڕه بوو له باكووری كوردستاندا ڕوویداوه شەڕێكی دژوار و سەخت بووه و (ڕەشكۆتەكان) ، كه یەكێك بوون له عەشیرەته هەره بەناوبانگەكانی كوردستان ،كه كوردی موسڵمان و یەزیدی و ئەرمەنی لێ نیشنەجێبوونه ، و بەیەكەوه ژیانیان لێ بەسەربردووه و چەكەكانی ڕەشكۆتەكان ساده و ساكار بووه و ،لەوانه تفەنگی كوچك چاپ بووه و لەشكری دەوڵەتی نیزامیش به ئەزموون بووه و چەكی قورسیان هەبووه، ئەو شەڕه له دەوروبەری ساڵانی 1925 – 1926ز لەسەر قیرێ له دەشتی ڕەشكۆتا ڕوویداوه و ئەو لاوكەی خوارەوەش باس لەو شەڕه دەكات و ئازایەتی و نەبەردی كوردانی ڕەشكۆتەكانی بەرامبەر لەشكری تورك دەكات و بەناوی لاوكی (باقێ فەخرییا) ، كه تێیدا هاتووه:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(باڤێ فەخراییا ئیرۆ بریندارە، مرن ژمە ڕاچێترە ژڤی حالێ ئەمان ئەمان باڤێ فەخراییا، حەیرا بەهارە خۆش بەهارە، مەیرێ دگۆ خانمێ کوڕێ ، باڤێ فەخرییا ل گێژۆ سوارە ژ شەڕێ قیڕەدا گەڕییا هاتە خارە).

چڤاس سومبولێ وی مەلوولن، ستوییێ وینا چڤاخارە.

ئەز چوومە پێشیا باڤێ فەخرییا حەیرا ژ مینێ هاتە مینێ.

مەیرێ دگۆت :(خانمێ کووڕی ، دنگێ باڤێ فەخرییا ناگرەر کێبێ دەستێ وی ناگرە دەزگینێ...............هتد.)

لە دەقێکی فۆلکلۆری کوردیدا (فەقێ سمایل) بە بەندێک لە حەیران باس لەوە دەکات کاتێک (کاکل ئاغای گەردی) ، لە بەندیخانەی عوسمانییەکان لە قەراتێی پیرە هەولێرێ)، بەند دەبێ و بە زەبری چەک دەری دەهێنن و (ڕەشید باشی چاوەش) یش دەکوژن و ئەو داستانە بەبەندێک لە حەیران دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

دەرێـم ئەوڕۆ کە بەری ســــــــبیانێ

زەینێ خۆتـــان بدەنــــە بەســـتۆرە

دەرێم بەســتۆرەی گۆرانـــان گەلە شـــیرینە

بابـــە لەبــــەربیــانــــێ

ئەوانە ســــــم ڕزدەکا دەرێ دایـــە

ئەتـــوو زەینی خۆبـدە بەحرکەی جـاران

دەرێ شین دەگەڕێت لەبەر دوو کەرێ پیرە کارخـانێ

ئەو جا دەرێ خوام بکە بە خورامی کوڕە کوردی گەردیان

وەکی دەســــتی خۆیان دەداوە داری جامبێـزارێ

دەیان گرت قەراتــەکەی پیرە هەولێـــرێ

وەکی دەیان کوشـــت (ڕەشـید باش چـاوەش)

دەریـان دەهێنا (کاکـل) بابـی (جەمیــلی)

لەگەڕ کۆمەرە قاتیـلان.....بە زەبری خەنجـەرێ

لە بەنـــــدیخــــــــانـــێ (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/11، 2005: 65)

ئەم ڕووداوەش هەنـدێک دەڵـێن لە سـاڵی (1895ز)دا ڕوویـداوە و هەنـدێکی دیکەش دەڵـێن لە (1898ز) بـووە. گرنـگ ئەوەیە ڕووداوێکی مێژووییە و بۆ ساڵانی (1895-1898)ز لە شاری هەولێر ڕوویداوە.

لە لاوکـی (میـر بەدرخـان)ی جەزیـرەی بۆتان،بـاس لە ڕووداو و کارەسـاتێکی گەورە دەکـات. کـاتێ عوسـمانییەکان هێرشـێکی گەورە و بەربڵاویـان لە سـاڵی (1847)ز بـۆ سـەر فەرمـانڕەوایی بۆتـانی بەدرخـانی سـەربەخۆ لەژێـر فەرمانـدەی (وەسـمان پاشـا)ی عوسـمانی دەسـت پێکـردووە، کە جۆرەهـا چەکـی قووڕسـییان دژی داواکـارانی مـافی سەربەخۆیی کوردان بەکارهێناوە.

ئەم لاوکە بـاس لە بـوێری و نەبەردی خەڵکـی جەزیـرەی بۆتـان دا و سـەرکردە قارەمانەکـانی بەرامـبەر بەلێشـاوی لەشـکری عوسـمانی لە هەمـوو دەکـات.کە نەیـان هێشـتووە پێشـڕەوی بکەن، بـۆیە داوای یارمەتیـان لە والـی موسـڵ و بەغداش کردووە.ئینجا باس لە جەندرمەی عوسمانی دەکات، کە چۆن وەک گورگ کەوتونەتە بەر گیانی ئەو خەڵکە شـــەڕەفمەندە و تـــاڵان و بڕینیـــان ئەنجـــام داوە. خەڵکیـــان ئـــاوارە و دەربەدەر کـــردووە و گونـــد و شـــارو قەڵا و شارستانییەتیان وێران و خاپوور کردوون و توانیان بەدرخان بەدیل بگرن و ڕەوانەی ئەستەمبۆڵی بکەن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە ئاكمدا ئاواتەكەی عوسمان پاشا نەهاتەدی، چونكە خۆی و لەشكرەكەی بە دەردی نەخۆشی كۆلێرا بە دۆزەخ شادبوون.

هەروەک لە لاوكی میر بەدرخان لە جەزیرەی بۆتاندا تیایدا دەڵێت:

لێ لێ میرۆ، لێ لێ میرۆ، لێ لێ میرۆ،

ملێ خانێ بەژنا بەدرخان بەگ، زراڤامینا بناتلاینا ریحانێ

شەمۆی دێر شەوی گرگازی: وەسمان پاشا كۆچک باب

دەستێ بابێ تێلێ مێرێ بۆتان، شێرێ كوردان ، بە تەنایەتە گرێ دانێ

دەلۆلۆ ، دەلۆلۆ ، دەلۆلۆ ، دەنگی تۆپان و جیە خانان

لە پەیمەتێ حەیف و مەخاینێ، دلێمە دەینێ ، كۆچكێ كۆم سوورمێ ڕۆمیا

كەتنە شاری جزیرێ بۆتان، هەیلۆ بایۆ ل مە خراب دكن جێیێ ئاغان و عەشرەتێ

لێ لێ میرۆ، لێ لێ میرۆ، لێ لێ میرۆ،ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ

بلندە لە دەوی ڕێیۆ، وەسمان پاشا یاورک كشاندا یاقۆحا میلان

ئەو كەم و ناكەم قەوامن، نەناشیر بلا قوەتەكا گران هێژا ژمرایێ

(حەسەنێ هەورێ)،(تاهیری مەیمۆ)،(ساجێ لۆڤی)،(شەمۆیێ دێر شەوی)

كۆپكێ مەزن ، ئیرۆ سەری حەفت سالانە لە چیایێ (ئەورەڤێ) ینیە ئاسێ توو

دەلۆلۆ ، دەلۆلۆ ، دەلۆلۆ ، لە مەتێ دەنگێ تۆپان و جبە خانان لە پەیمەتێ .......هتد. (گ/ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/11 ، 2005، 121-122).

## 2. كەلەپوور و ئەنثرۆپۆلۆژیا:

ئەنثرۆپۆلۆژیا ، زانستێكە لە زانستە مرۆڤایەتییەكان ، یەكێكە لەو زانستانەی ،كە پەیوەندییەكی بەهێزی بە كەلەپوورەوە هەیە،وەک چۆن كەلەپوور لە ڕابردووی مرۆڤ دەكۆڵێتەوە ئاواش ئەنثرۆپۆلۆژیا ئاوێنەیەكی پاک و بێگەردە،كە مرۆڤ سیما و ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆی تیایدا بەدی دەكات، و بە شێوەیەكی گشتگیری وەک: داب و نەریت، سرووودی ئایینی ، زمان ، ڕێوڕەسمی ئاهەنگەكان، و هەڵسوكەوتە كۆمەڵایەتییەكان و خێڵەكییەكان.......هتد.

هەربۆیە زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیا فۆلكلۆر بە لقێک لە لقەكانی ئە نثرۆپۆلۆژیا دادەنێن، و ناویان ناوە ئەنثرۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیری و ئەڵقەیان تایبەت كردووە بۆ لێكۆڵینەوەی شێوەی دەربڕینە زارەكیەكان ، وەک: گۆرانی، هەقایەت، پەند و قسەی نەستەق. ئەودیو تێڕوانینە بەرتەسكەی ئەوان وایكردووە كە بۆ ماوەیەک هەندێک لە جۆرەكانی كەلەپووری میللی وەک: داب و نەریت و هونەرە تەعبیریەكان و هونەرە میللیەكانی لێ دووربخەنەوە. بەڵام زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیا بەم دواییانە هەستتان بە دانانی هەندێک لەو هونەرە تەعبیرییانە وەک: سەما،مۆسیقا،نواندن،پەیكەرتاشی،وێنەكێشان،نەخش و نیگار، و دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ لێكۆڵینەوەی فۆلكلۆری (الرفاعی، 2005 ، 55) پەیوەندی نێوان كەلەپوور و ئەنثرۆپۆلۆژیا ئەوەندە بەتین و تێكچڕژاوە، بۆیە هەندێک لە زانایان ئاماژە بەوە دەكەن ،كە فۆلكلۆر لە منداڵدانی زانستی مرۆڤ(ئەنثرۆپۆلۆژیا)لە دایک بووە.

ئەنثرۆپۆلۆژیا بە شێوەیەكی گشتی لە بابەتی ڕۆشنبیری دەكۆڵێتەوە ، وەک (چەمكی ڕۆشنبیری) ، كە چەمكێكی فراوانە و زۆربەی لایەنەكانە ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە). بە واتەی ئەوەی كە لەوانەش (فۆلكلۆر)ە. ڕۆشنبیری بە بیر و ڕای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

(تایلەر)، هەموو ئەو شتە کراوانە دەگرێتەوە، وەک: مەعریفە و بیر و باوەڕ و ئەخلاق و یاسا و داب و نەریت و دەستوور و هەموو ئەو توانایە و نەریتانەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵ وەری دەگرێت.(المطور،2007 : 40).

لە بواری زانستی ئەنثرۆپۆلۆژیادا زۆر بیردۆزی تێدا دەرکەوتووە، کەوا لەسەر قوتابخانە فۆلکلۆرییەکان کراوە،یەکێک لەو بیردۆزانە بیردۆزی (ئەرکی) یە، کە لەسەر دەستی زانای (ئەنثرۆپۆلۆژیا) ، (فرانس بواز) و کچە قوتابییەکەی (مرۆت نیدکت) دامەزراوە و ئەو بیردۆزە بە ئەڵقەیەکی گەیەنەری نێوان کەلەپووری میللی و ئەنثرۆپۆلۆژیا دەزانێت و ئەو بیردۆزە هەڵدەستێ بە گرنگیدانی وەزیفەی فۆلکلۆر لە کۆمەڵگەدا، چ ئەرکی پەروەردە و فێرکردن بێت، چ لایەنی ئایینی ، چ لایەنی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری بێت، بە بیر و ڕای ئەو زانایە ئەنثرۆپۆلۆژیا ئاوێنەیەکی بێگەردە ، کە سروشتی کۆمەڵگەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام لە دیدی کچە قوتابییەکەی (ڕۆت نیدکت) هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی نێو داب و نەریتی کۆمەڵگە. (الرفاعی، 2007: 56).

کەواتە، ئەو پەیوەندییەی نێوان کەلەپوور و زانستی (ئەنثرۆپۆلۆژیا) پەیوەندییەکی دیالێکتی (جدلی) و هەردوولا پەیوەستن بە یەکترەوە، و کەلەپوور وەک کەرەستەیەکی بەپێز و خام بەشداری ئەو زانستە دەکات هەر لە سەرەتاوە بۆی بۆتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند).

هەروەها کەلەپووری میللی لە لایەنی خۆیەوە، لە چەندین بابەتی جۆراوجۆری کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە.بە تایبەتی لە شتە ڕۆحی و مادديەکان، ئەوانەی کە لە ڕابردوودا ،باوەڕی پێیان هەبووە و ئەوانەی بە زەین و هزری خۆی بەرهەمی هێناون، بۆیە ئەو دوو زانستە هەردووکیان بەیەکەوە کاردەکەن، و هەردووکیان سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانن.

ئەو دوو جۆرە زانستەی کە لە ئەنثرۆپۆلۆژیاوە دەکەوێتەوە و پەیوەستن بە کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە یەکەمیان (ئەثنۆگرافیا)یە، ئەو زانستەیە گرنگی بە وەسفی قووڵی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دەدات ،لە ڕێگەی تۆمارکردنی تێبینی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات.

هەروەها وەسفی ژینگەی ناوەخۆ لە بەرزی و نزمی و خاک و ئاو و هەوا و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و شێوازی دروستکردنی خانوو و وەسفی جلوبەرگ بە پێی تەمەن و ڕەگەزەوە و وەسفی داب و نەریت و بیر باوەڕی میللی سیستەمی کۆمەڵایەتی پیادەکراو و بەها و پێوەرەکان و ئامێرە کارپێکراوەکان و هەڵپەڕکێ و شێوازەکانی و ..........هتد دەکات، بەڵام ئەنتۆلۆجیا زانستێکە زیاتر گرنگی بە بەراوردکردنی لە نێوان چەندین کەلتوور و شیکردنەوەی جۆری کەلتوورەکان دەدات لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی کەلتووری کۆمەڵگەکان دا دەکات و بە هەردووکیان دەگوترێت (ئەنثرۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیری).لێرەدا پێمان باشە کە هەندێک نموونە لەسەر ئەنثرۆپۆلۆژیا و ئەنتۆلۆژیا و ئەنتۆگرافیای کوردەواری پێشکەش بکەین بۆ ڕاستی قسەکانمان، لەوانە:

## 2.1 دەستوور و نەریتی بووک گواستنەوە لە هەولێر:

ئەو ڕێوڕەسمە لە هەولێر بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێ تاوەکو بووک دەگوازرایەوە.سەرەتا ئەگەرماڵێک ئارەزووی ژن هێنانیان هەبووایە ئەوا هەموویان بەیەکەوە دادەنیشتن کچێکیان لە دەوروبەری خۆیان یان لە گوندێکی دیکە دەستنیشان دەکرد و هەندێک مەرجیان دادەنا بۆ ئەوەی ئیشەکەیان ڕێکتر بووایە، لەوانە: کێ هاوکوفی خۆمانە و کچی بە حەیا و حورمەتە و کابان و خان و مانە دەچوونە داخوازی کچە و خۆ ئەگەر کچە و کوڕە بە یەکتری ڕازیبوونایە و چەند ژنێکیان دەنارده ماڵێ تا بزانن کچەکە چی دەوێت چی ناوێت و نەختی چەندە و ژنی خزم و کەسان تالبی نینە و بۆ جاری دووەم هەندێک لە پیاوان دەچوونە ماڵی کیژە و مەلایان لەگەڵ خۆیان دەبرد ئەوەش پاش ڕازیبوونی ئەو کیژە و کەس و کاریان مارە دەکرا و پاشان دەچوونە بازاڕێ لۆ کڕینی زێڕ و جل و بەرگ و کەل



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

و پەلی ناو ماڵ بەپێی توانا ئینجا ڕۆژێکیان دەستنیشان دەکرد لۆ بووک گواستنەوەی کاتی خۆی زەماوەندەکە بەو شێوەیە بووە :حەوت شەو و حەوت ڕۆژان شایی و هەڵپەڕکێ و زەماوەندیان دەکرد، ئەگەر ژن بە ژن بووایە ئەوا لای هەردوو لایان ئەو بەزمە بەردەوام دەبوو.لە خزم کەس و کار و ناسیاوان لە گوند و شار و لادێ لە دوو خەڵکی دەگێڕدرایەوە و چێشت بە مەنجەڵی بە زنجیر لێدەندرا ، و چەندین سەر مەڕ و بزن دەکوژرایەوە و خەڵکی لەو چەند ڕۆژەی بە خۆشی و بەزم و شادی ڕایان دەبووارد، کە بۆ ئەو مەبەستە چەند ڕەشماڵێک هەڵدەدرا و بەزمی شەو و ڕۆژیان تێدا ئەنجام دەدا و ژن و منداڵ و پیر و گەنج و لاوو لە کوڕ و کچان تێکەڵاوی یەکتر دەبوون و دەستەگەمە و شایی و هەڵپەڕکێ و بەزم بەردەوام دەبوو.

لە دواجاردا بووک دەڕازایەوە بە سواری ماینێکی جوان، و ڕازاوە و بە نەخش و نیگار و ڕەنگا و ڕەنگ و نەخشینەوە بووکیان دەگواستەوە ماڵی نوێ و سەرەتا دەچووە ناو شایێ و پێچە شاییەکی دەکرد و دەهۆڵ و زوورنا دەیکوتا بەربووک و لە تەنیشت بووکێ شایی دەکرد و شیرینی و شتی هەڵدەدا و گەنج و لاوی کوڕ و کچ داوایان لە بووک و زاوا دەکرد ،کە بە کوڵە مشت لە پشتی ئەوانیان بدابایەوە و بە ساحێبی بن. لە کۆتاییدا بووک بۆ ژووری خۆی لەگەڵ زاوا دەچوونە ماڵ و حاڵی خۆیان، کە بۆیان ئامادەکرابوو.

نموونەیەک لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ:

هەرچی دەکا یار دەکـــا
دووگە و سێ ڕێزە و قەیتان
بە جارەکی لە خـــۆدان
دنـیایێ ئاخر زەمـــان
گەردەن زەردی چاو بەکـل
گەیشتمێ تێکـــم وەردا
وەرە بیکەین جەژنانـــێ
سەر فترەی ڕەمـەزانـــێ
لۆت دەکەم مەمێ یـــارێ
ئەورۆ قەت تەمام نابێت
سبـەی هەتـا ئێـوارێ
خاری گەردەنـــی هوردن
پێم نایـــەتـە ژمـارێ
بە ژمارەم بــار نەبـرد
کاغەزم هێنا دیــارێ
وەک مەلای دوازدە عـیلم
بەحەرفان چوومە خـوارێ. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ 29:14)

## 2.2 شێوازی دروونەوە و ڕەوسەبڕکردن و گۆڕانکاری لە کوردەواریدا:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

تێلەکێشی هەر لە گەردی بەیانیانەوە مەشکەی خۆی دەهەژێنێ و لە دۆدانەی دەکات و دەچێتە سەر پەرێزێ و دۆ لۆ سەپانان تێدەکا و دەست دەکەن بە دروونەوە و تێلەکێش گەلاوێژان، دەکات و سوارەکان جارەک ڕوویبان لە لایەک و جارێکی دیکە ڕوویان لە لاکەی دیکە لۆ خاتری ببێتە کۆڵ و سەرشانی. ئەوجا لە شەغرەی دەنێن و بەرەو جۆخینان بەڕێ دەکەون و هەر کەسە و جۆخینی خۆی دادەنێت و سەرەتا گێرەی دەکات بە وراغان و ئینجا جەنجەڕی لێ دەخاتە کار و قرشەکە وردە وردە (ورد) دەبێت و تاوەکو هەمووی ورد و خاش دەبێت و پاشان کڵێکی هات و بایەک هەڵبکات، شەنە بای دەکەن و ئینجا گەنم و جۆیەکی پاک و بێگەرد لە لایەک و کا و کۆتەکەش لە لایەکی دیکە، ڕەوسەیەکی زێڕی بێ غەل و غەش دێتە بەرهەم، بە ڕەنج و شان و بازووی سەپانان، تێلەکێشی و ئەوانی دیکەوە، ئاغە بەشی خۆی دەبرد و ئەوی دیکەشیان هەر لەسەر جۆخینێ سکاتیان لێ دەردەکرد بۆ هەژار و دەست کورتەکان و بەشێکیان هەڵدەگرت بۆ (خۆی) و ساڵی دابێت ئەوەی دیکەشیان دەپێوا و لە چاڵانیان دەکرد، و لە کاتی پێویستی دەیان بردە شار و دێیان دەیان فرۆشت و کەل و پەلی زستانەو هەندێک خواردنی پێویستیان پێ دەکڕی و دەگەڕانەوە گوندی و دەما کا و کۆنەکەش لە (لەودە)یان دەکرد و لەگەڵ جۆ تێکەڵیان دەکرد بۆ ئالیکی مەڕ و ماڵات بەکاریان دەهێنا. بەو شێوەیە دروونە کۆتایی دەهات و دەستیان لێ بەردەبوو. ئەم گۆرانیەی خوارەوە دەیکەین بە نموونەی گۆرانی دروونە کە یەکێک دەیگوت و ئەوانی دیکەش (سەپانەکان)دەیان گێڕایەوە بۆ ئەوەی جۆش و خرۆشێک بدەن بە (سەپانەکان) و زیاتر گەرمیان بکات و دەست و برد بکەن.

گۆرانی دروونە:

هە دروونە دروونە دروونە
دەسکێ داسێم بە ڕوونـــە
هە دروونە دروونە دروونە
تێلەکێش زۆر زەبوونـــە
بابم چوویتە هەولێـرێ
کاکم لەبەر مەڕیـــیە
ئەوان لە ماڵێ نەبــن
داکیشم بێ قەیدیـــیە
دەوم لە گەردنـی نـــا
دوو ماچم لێ کردیـیـە
چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
غـەزال دەوی گرتـیـە. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر ،ژ147 ، 130).

لە کۆمەڵەی کوردەواری لە زەمانی زوو، کە ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو داب و نەریتە کۆن و ناپەسەندە هەر ماوە کە ئەویش (کچ فرۆشتن)ە، بە پارە بێت، بێ ئەوەی هیچ پرس و ڕایەک بە کیژە بکرێت ، ڕازییە یان ڕازی نیە بە کوڕەی ،کوڕی پیاوانە، کاری چیە، ئیماندارە،کۆرە نییە،شەل نییە،.......هتد.بەڵکو بابی زۆر هیلاکی پارە و پوولە و دەیەوێت بە خوێنی کیژەی ، خانووی خۆش و ترومبێلی نایاب و عەرد و بەردی پێ بکڕی و کچەش بخاتە نێو دۆزەخ و بەجێی بهێڵی بێ ئەوەی هیچ نرخەک لە بۆ کچەی دابنێ و کە ئەویش مافی ژیانێکی خۆش و بەختەوەرانەی هەیە و نرخ و پلە وپایەی لە کوڕ کەمتر نییە لای خوا، شاعیری میللی حەمەدەمین گۆران بەو دیاردە ناقوولایەی ناو کوردەواری دەڵێت:

کچ فرۆشتن:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

خەڵکینە گوێتان لێ بێت هەرچی لە دێ و لە شــارە
ئەو هۆنراوەم داناوە وا بۆی دەکەم ئیشـــارە
دەرهەق بەو کەســانە کیژ دەفرۆشـــن بە پارە
دەستوورەکی ناڕێکە، خوا ڕازی نیـــیە بەو کارە
بەڵام لای بابـی زاڵم بێ نرخ و ئیعـــتیــبارە
حیســاب لۆ کیژە ناکا بەس کۆرەبووی دیـــنارە
خوا ڕێزی لە کچ نــاوە بێ حیســـــاب و ژمارە
هەندە کۆفـە و هیلاکە بۆ پـــــارە عۆدەدارە
کابرا چەند کیژی هەبی هەرکەس سیعری خۆی دیارە
کە داخوازی کـــیژی دێ دەدوێتێ بە ووتـــــارە
گەورەیـان بە پەنجایە گچکەشیان ســەد هەزارە
هەرچی دەست لەسەر دانێن هەر ئەلـعان بکەن مارە. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ 17 ، 113).
کورد وەک میللەتێکی ڕۆژهەڵات گەلێکی موسڵمانە و بڕوا و یەقینێکی زۆری بە خوا و پێغەمبەر و کتێبە پیرۆزەکان و فریشتە و بنەماکانی ئیسلام هەیە، و ئەمە جگە لەو پیرۆزیانەی میللەت/ خاک و زمان و بۆنە و داب و نەریت و نەریتە ڕەسەنەکان و پیرۆزییەکانی ئیسلامیش زۆر پیرۆزە لایان، ئەوەتا شاعیری میللی (ڕێبوار) دەڵێت:
کوردین و موســڵمانین
خاوەن هەست و ویژدانین
بیر و باوەڕمان وایــە
کە دەسکردی یەزدانـین
قورئان ئاڵای ئیسلامە
پڕ حیکمەت و ئەحکامـە
سەرچاوەی زانیارییــە
هەتوانی دەرد و زامــە
قورئان ڕاست و ڕەوایە
دوا بەرنامەی خودایــە
بۆ مرۆڤــی سەر زەوی
پڕ دەستوور و یاسایـە
ژن و پیاو و پیرو لاوانـ
ئەی ئەوانەی بێ بڕوان
ڕابن خۆتـان ڕزگارکەن
لە نێو زەلـکاوی تاوان. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ21،19 ).
لەو نمـوونە ئەنثرۆپۆلۆژیـایەی نـاو کـوردەواری، کە لە ڕابـردوودا خســتمانە ڕوو، نمـوونەی زینـدووی ئەثنۆلۆژیـا و ئەثنۆگرافیـای کۆمەڵەی کوردەوارین. لە شـێوازی ژیـان و داب و نەریت و دەستووری نـاو میللەت و هەروەهـا وشـە و زاراوەی تـایبەت بە فۆلکلـۆر و کەلەپـووری کـوردەواری، وەک/دەهـۆڵ، زوڕنـا ، ڕەشـماڵ، کابـان ، بەربـووک، مەشـکە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دۆدانە، سەپان ، تێلەکێش ، گەلاوێژ ، جۆخین، جەنجەڕ، شەغرە ، قرشە ، پەرێز، شەنە، گوش، جوار، دۆ، سوارە ،مەلۆ ، ڕەوسە ،کا ، گیشە ، قەسەر............هتد.

## 3. پەیوەندی کەلەپوور بە کۆمەڵناسییەوە:

کۆمەڵناسی بریتییە لەو زانستەی بواری مرۆڤایەتی کە بە شێوەیەکی گشتی،لە کۆمەڵی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بابەتی توێژینەوەی ئەم زانستە زیاتر خوودی کۆمەڵگەیە، تاوەکو تاک چونکە کۆمەڵگە تاکیش لەخۆ دەگرێت. هەر بۆیە هەندێک لە زانایانی کۆمەڵناسی ئەم زانستە بە زانستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن یاخود زانستی پەیوەندییەکانی مرۆڤ.

"لێرەدا ڕاستییەکی گرنگ هەیە کە ئەویش ئەوەیە زۆر زەحمەت و لە هەمان کاتیشدا هەڵەیە کە بتوانین ئەو زانستانە لە یەکتر جیابکەینەوە، ئەوانەی کە لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگەی مرۆڤ دەکۆڵنەوە، لەبەر ئەوەی واقیع پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و هەوڵەکانی لێک نزیک کردنەوەیان بە مەبەستی قووڵ بوونەوە." مەعریفەمان بە کۆمەڵگەی مرۆڤ و درێژە پێدانی ناوەڕۆکەکانی ژیانیان، دەسەلمێنێت. (المطور، 2007، 44).

کەلەپووری میللی و کۆمەڵناسی لە لێکۆڵینەوەی زۆر لە بابەتەکانیان هاوبەشیان هەیە. یەکێک لەو بابەتە گرنگانە داب و نەریت و بەها کۆمەلایەتیەکانی نێو کۆمەڵگەیە.کە لە ئەزموونی ژیانی ڕابردوویدا بۆی ماوەتەوە و دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتار و بیر و باوەڕ، دەبێتە قاڵبێک و دارشتەیەک ، هەرچە بیرکردنەوە کاری ناو کۆمەڵ هەیە، تیایدا دادەڕێژرێ، کە ئەوەی لە لای شیاو و پەسەندە.

(داب)ەکان (العادات): چەندین جۆری ڕەفتاری کۆکراوەیین کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێنەوە، و ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت،تاکو ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێ و دەچەسپێت، تا دەگاتە ئەوان، کە نەوەکانی دوای ئەوان لەسەری بڕۆن و پشتی پێ ببەستن.

"لە هەندێ جاریشدا شوێنی یاسا دەگرێتەوە لەناو کۆمەڵدا ". ( سعفان،1973، 273).

هەربۆیە هۆبهاوس دەڵێت:"یاسا، داب و نەریتە و پەیدادەبێت." ( وەلەد بەگی،2009، 48).

فوئادی تاهیر صادق، لە پێناسەی (داب) دا دەڵێت: شێوەیەکی نەریتی کۆمەڵایەتیە، لایەنی بیر و باوەڕەکان دەگرێتەوە، کە پاشماوەی پێشینانە و ڕەفتاری ئامادەکراوە و زۆر دەمێنێتەوە. پەیڕەو نەکردن بە کەمتەرخەمی و لادان و دەرچوون لە ئاسایی دادەنرێت.

"سرووت و شێوەکانی پەرستنی ئایینی، ئاهەنگی گشتی، مردن و ناشتن و پرسەدانان، و ئەم بابەتانە نموونەی (داب)ن، و دواکەوتوویی باری ئابووری، کۆمەڵایەتی ،رامیاری، ڕۆشنبیری هۆکاری زۆر مانەوەی دابی بێ کەڵکن." (سادق ، 2007، 175 ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەشێکی دیکەی ڕۆشنبیری میللەت کە ئەویش (نەریتی کۆمەڵایەتییە) نەریت: "بریتییە لە یادگارییەکانی پێشینان و ئەزموونەکانی،کە بەسەر کۆمەڵەکانی مرۆڤدا هاتووە لە ڕابردوودا و لە نەوەکانی ڕابردووەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی ئێستا." ( سعفان،1973 ،375).

نەریت لە هەندێ لە سیفەتەکانیدا لە کەلەپوور دەچێت،یادگار و ڕەفتاری پێشینان و ئەزموونی مرۆڤ وایە، کە ڕابردوو گواستنەوەی ئەو کەلتوورە لە نەتەوەیەکە بۆ نەتەوەیەکی دیکە. کەواتە دەبێتە بەشێک لە کەلەپووری میللی و هەر مامۆستا فوئاد تاهیر سادق دەڵێت: " نەریت پاشماوەی ڕەفتاری پێشینانە، و پێچەوانەی ژیانی گۆڕان و گۆڕینی کەرەستەیی– نەریت درەنگ دەگۆڕێ و پێش دەخرێت،ئەوەی پێویستە هەردەم بگوترێت و بکرێت.خۆی بسەپێنێت و پەسەند بکرێت، لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەیەک بەکاربهێنرێت دەبێتە (نەریت).( سادق،2001 ،175).

کەواتە هەر چەندە کۆمەڵانی خەڵک، بە گشتی لەو داب و نەریت و لەو بەها کۆنانەیان بەرگریان لێ دەکەن. بەڵام هیچ کەلتوورێک نەبووە کە لە ماوەی قۆناغێکی زەمەنییدا هیچ گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتبێت لەوانە هەر کات ڕەگەزەکان و کۆمەڵەکانی کەلتووری نوێ لە کەلتوورەکان دەربکەوێت. بەهۆی ئەو ناوەڕۆک و پێکهاتەیە و ئەو کەلتوورە بگۆڕێت، ئەو کاتە گۆڕانی کەلتووری لێ پەیدا دەبێت، و دەشێت کەلتووری سەردەمێکی دیاریکراو، لە سەردەمێکی پاش ئەو سەردەمە ببێ بە کەلەپوور و لە دۆخی پەرەسەندنی مێژووییدا بە جۆرێک لە بەها و واتەی یەکتری وەربگرن."کۆمەڵناسی لەگەڵ زانستی کەلەپووریش لەوەدا یەک دەگرنەوە،کە هەندێکیان لە ڕووی چارەسەرکردنی بابەتەکانیان و لە میتۆد و بیردۆز و قوتابخانەکانیاندا هاوبەشن، چونکە لە لایەن هەردووکیانەوە مرۆڤ تەوەری سەرەکی بابەتەکانیانە ".( المطور،2007 ،45). و نەبێت ئەو دوو زانستە لە هەندێک لە سیفەتەکانیاندا لەیەک بچن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبێت و یەکێک لەو جیاوازییانە، ئەوەیە کە "کۆمەڵناسی، گرنگی بەو دیاردانە دەدات، کە لە ڕابردوو و لە ئێستادا هەبووە و هەیە. بێ گوێ پێدانی دووبارەکردنەوە و دووبارە بۆتەوە و بڵاوبۆتەوە، بەڵام فۆلکلۆر لەو خاڵەدا تەواو پێچەوانەی زانستی کۆمەڵە".(س.پ.45)

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری دیکەش هەیە پێی وایە کە" جیاوازی، یان یەکێک لە سەرەکیترین جیاوازییەکانی کۆمەڵناسی لەگەڵ زانستەکانی تردا لە شێواز یان بابەت نییە، بەڵکو لە چۆنیەتی تێڕامان و هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی بابەتەکانە". (وەلەد بەگی ، 2009 ، 17).

بۆ نموونە: لەداب و نەریتی ژن گواستنەوەدا،زانای کۆمەڵناس سەرنجی خۆی دەوروژێنێ سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی کە لەو سەردەمەدا ڕوودەدات، لە ڕێو ڕەسمی بووک گواستنەوە و گۆڕانی ئەو مەرجانەی، کە هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش دەکەوێتەوە ژێر ئەو لێکۆڵینەوە بەو شێوازانەی کە ڕەنگە بکرێت، و بەڵام فۆلکلۆرناس گوێ بەو گۆڕانکارییانە نادات لە هەمان ئەو گۆشەیەدا.

بەراوردێک لە نێوان کۆمەڵناسی و ئەنثرۆپۆلۆژیا:

لە ڕاستیدا بەراوردکردن و دیاریکردنی جیاوازی نێوان ئەم دوو زانستە لە لایەن زانایانی ئەم دوو زانستە کارێکی ئاسان نییە و تاکو ئێستا زانایان لەسەر جیاوازی نێوانیان یەک بیروڕا نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەر دروست دەبێت، چونکە ئەم دوو زانستە زۆر بەربڵاو و زۆر تێکچڕژاون و چوونەتە ناو یەک، هەروەکو دەگوترێت: کۆمەڵناسی زانستێکە لە کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە و توێژینەوە لەسەر دامەزراوە ئیداری و مەدەنییەکان دەکات و زیاتر زانستێکی تیۆرییە و مەیدانی کەم خایەنە ، هەروەها ئەم زانستە لە ڕووداوە سەرەکییەکانی وەک: تەڵاق و دزی و تاوان دەکۆڵێتەوە و لای زانایانی کۆمەڵناسی زانیاری مێژوویی سنووردارە بەقەد پێویستی لە توێژینەوەکانیاندا لە بارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییکانەوە. سەبارەت بە زانستی مرۆڤ ،کە پێی دەڵێن ( ئەنثرۆپۆلۆژیا) بەشێوەیەکی گشتی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و توێژینەوەی سروشتی و ئافریدەکراوەکان دەکات و زیاتریش لە کۆمەڵگاکانی سەرەتایی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە لە لێکۆڵینەوەکانیدا زیاتر مەیدانی و زیاتر درێژ خایەنە و زانستی مرۆڤ توێژینەوەی سیما کلتوورییەکانی وەک : داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئایینییەکان دەکات. ئەمە تاڕادەیەک جیاوازی و بەراوردی نێوان ئەم دوو زانستەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایان تاڕادەیەکی زۆر ئەم جیاوازییانەیان نەهێشتووە ، چونکە هەردووکیان دەتوانن لە کۆمەڵگە بکۆڵنەوە، ئینجا چ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بێت، یان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بێت یان کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و ئیمپریالیستەکان بێت، بۆیە هەردوو زانستەکە دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکە هەر دەمێنێ بە تایبەتی لە ڕووی میتۆدەوە جیاوازی وەردەگرێت و دەمێنێت.

## 4. پەیوەندی کەلەپوور بە دەروونزانییەوە:

پەیوەندی نێوان کەلەپوور و دەروونزانی ، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕییە، بە واتەی ئەوەی کە هەر دووکیان ، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سوود بە یەکتر دەگەیەنن، هەر بۆیە " هەندێ لە لێکۆڵەرانی فۆلکلۆر پشت بە ڕێبازی شیکردنەوەی دەروونی دەبەستن، لە ڕێگای وەرگرتن و خواستنی مادده میللییەکان سوود وەردەگرن، بۆیە بەدواداچوونی عەقڵی نەخۆش بۆ تێگەیشتنیان لە ڕەفتار و خوڕەوشتی نەخۆش. "(الرفاعی،2002: 91) کەلەپوور و دەروونزانی ، هەردووکیان لە مرۆڤ و ڕابردووی مرۆڤ و کارو کردەوەکانیان دەدوێن و ئاکام و بایەخی کارەکانیان بە داهاتووی مرۆڤەوە گرێ دەدەن، هەروەک شیکردنەوەی دەروونی ، وەک میتۆدێک پەیوەندییەکی لەگەڵ هەنووکەدا هەیە، جگە لەوەی کێڵگەی کارکردنی لە ڕابردووی مرۆڤدایە، بەڵام هەموو هەوڵەکانیش، بۆ تێگەیشتنی ئێستایە، بە واتەیەکی دیکە ، ئەم میتۆدە هەوڵی خوێنەوەی هەنووکە دەدات لە ڕێگەی ڕابردووەوە، کەواتە هەنووکە بە بەرهەم و داهاتووش بە درێژبوونەوەی ڕابردوو دەزانێت" (محەمەد، 1997: 29).

پیشاندانی ڕێگەکانی کاریگەربوونی مرۆڤ بە ڕۆشنبیری کاریگەر و کاریگەربوونی " لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا، ئەفسانە و هەقایەتە میللییەکان شی کرانەوەو دەرکەوتن، کە زۆربەی ئەو چەمکە ئایینی و ئەدەبیانەی ،کە عەقڵی مرۆڤ لە حاڵەتە دەروونی و بارودۆخە تایبەتییەکان دایهێناوە و (فۆندت) زانای ئەڵمانی لەو کەسانەیە، کەوا گرنگی بەو بابەتە داوە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە بە (دەروونزانی میللی) لەم مەیدانەدا ناوزەندی بکات. بەڵام فرۆید تیۆری (شیکردنەوەی دەروونی) لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانە و هەقایەتە میللیەکان بەکارهێنا وەک هێمای سێکسی. لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو کارە ئەدەبی و گێڕانەوەی میللی و بیرەباوەڕ و سرووت و یارییە میللییەکان، بەوەی، کە ئەمانە ئەنجامی ئێش و ئازارو ئارەزووی زۆرە، لەوانە: هەندێ گرێی دژواری دەروونی لە کاتی شیرەخۆری منداڵیدا لای مرۆڤ دروستدەکات" (عارف، 1990: 20). ئەم بابەتە لای لێکۆڵەرانی بواری کەلەپووری میللی زۆر گرنگی پێ نەدراوە، بەڵکو تەنها پێکهاتەی خەیاڵە دەبێتە داهێنانی چەندین ڕەگەزی گرنگی کەلەپوور و کەرەسەی بەپێزی بواری دەروونزانییەوە. زۆربەی زانایانی دەروونزانی لە پێناسەکانیاندا بۆ دەروونزانی جەخت لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵ دەکاتەوە. لە پێناسەی دەروونزانییدا دەڵێ: " دەروونزانی زانستی چالاکییەکانی تاکی مرۆڤە بەواتە فراوانەکەی، چالاکییە جووڵەییەکانی وەک: ڕۆیشتن، قسەکردن. چالاکییە عەقڵییەکان وەک: بیرهێنانەوە، بیرکردنەوە. چالاکییە هەڵچوونەکان، وەک: پێکەنین، هاوارکردن، هەستکردن بە بەختیاری."(السامرائی،1988: 26). کەواتە هەردووکیان لەو خاڵەدا بەیەک دەگەن، کە هەردووکیان لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵنەوە، بەڵام کەلەپوور وەک زانستێک لە ڕەفتاری کۆمەڵ دەکۆڵنەوە. ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕەفتاری مرۆڤ لە کتێبە دەروونییەکاندا هاتووە، بریتین لە :



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

1. هۆكاری بۆماوەیی : مەبەست لێی ئەو هۆكارە ناوەكییانەی كە لە ناخی مرۆڤێكی زیندوودا هەن و ئەركیان هەڵگری ئەو سیفەتە بۆماوەییانەیە، كەلە باوانەوە بۆ نەوەكانیان دەگوازرێنەوە، بەهۆی (23) جووت لە كرۆمۆسۆمەكان كە هەڵگری سیفەتە بۆماوەییەكانە، وەك: ڕەفتاری مرۆڤ و توانای فێربوون و دەرك پێكردن و زیرەكی و بیركردنەوە. ( السامرائی ، 1988: 44). ئەمە سەرەڕای ئەو هۆكارانەی كە باسكران، دەروونزانەكان جەختیان لەوە كردۆتەوە كە گلاندەكان و كوێرە گلاندەكان، ئەوانیش كاریگەرییەكی تەواویان لەسەر هەندێ سیفەتانی بۆماوەیی مرۆڤ هەیە و مرۆڤ تووشی چەندین نەخۆشی دەكات.

2. ژینگە و دەوروبەر: مەبەست لە ژینگە و دەوروبەری منداڵە دوای لە دایك بوونی ئەوەی كە پێی دەوترێ گەشەی كۆمەڵایەتی: كە بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێكی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی، كە پرۆسەی وەرگرتنی سیفەتە مرۆڤاییەتیەكانە و پرۆسەی فێربوونی كۆمەڵایەتییە و دەبێتە هەڵگری بەرپرساریەتی لە ناو كۆمەڵدا.

ئەو هۆكار و فاكتەرانەی كەوا گەشەی كۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤ دەستنیشان دەكەن ئەمانەی خوارەوەن:

1. كلتوور( الثقافة): كلتوور یەكەیەكی تەواوكارییە لە زانیاری و بیرو چالاكی جووڵەیی و داب و نەریت و بەهاو بیرو باوەڕی ئایینی هەموو ئەو شێوازانەی ژین و ژیان و بەدەستهێنانی ڕزق و هەموو ئەو پیشەو دیاردانەی باون لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا. كلتووریش دابەش دەكرێت بۆ كلتووری ماددی و كلتووری مەعنەوی.

كلتووریش لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازرێتەوە و تاك لە ڕێگەی پەیوەندی كردنەوە وەری دەگرێ كە كاریگەری لەسەر شێوانی بیركردنەوە و تەعبیركردن لە هەڵچوونەكانی و ڕازی بوونی بە پێویستییەكانی و بەدەستهێنانی زانیاری و شارەزایی و هەست و سۆز و چێژەكانی.

كلتوور بەتەنیا كاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دروست ناكات، بەڵكو كاریگەرییەكی تەواوی دەبێت لە ڕێگەی هەندێ هۆكارو دەسگا كۆمەڵایەتییەكان وەك: خێزان و قوتابخانە و دەسگاكانی ڕاگەیاندن و هی تر.

خێزان: یەكەم هۆكار و فاكتەرە بۆ گەشەی كۆمەڵایەتی منداڵ. خێزان تۆوی یەكەمی منداڵە بۆ دروستبوونی كەسێتی و ئاڕاستەكردنی ڕەفتارییەوە، هەروەها خێزان فاكتەرێكی چالاكە بۆ بنیاتنانی بە جیاوازیەكانی وەك: دابی نان خواردن، دابی ڕۆیشتن و دابی نووستن و دابی جل لەبەركردن و هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵك و پاكوخاوێنی و ڕێزگرتن لە سستەم، چونكە منداڵ لاسایی گەوران دەكاتەوە. هەروەها خێزان بەرپرسە لە دروستبوون و وەرگرتنی ڕەفتاری باش، منداڵ هەر لە ناو خێزان فێری بیروباوەڕی ئایینی دەبێت و شارەزایی و زانیاری دەروونی و تەندوستی و كۆمەڵایەتی و جووڵە و خوڕەوشت و هەر لە ناو خێزان وەردەگرێ. هەر لە ناو خێزان مرۆڤی ڕەوشت بەرز فێر دەبێ، ئەگەر هاتوو لە خێزانێكی تەندروست بێت، ئەگەر نا بە پێچەوانەوە دەردەچێت، واتە شەڕانگێز و لاسار دەبێت. وا لە خوارەوە دوو نموونە لە هەقایەتی كوردیدا دەهێنینەوە كە پەیوەندی كەلەپوور بە دەروونناسییەوە پیشاندەدات : لە هەقایەتی (كچی شای پەرییان دەڵێ : پاشایەكی گەرمەسێر كە ناوی (مەهران پاشا ) بوو، كابرایەكی زۆر بێ ویژدان بوو، دڵ ڕەقیەكەی لەوەدا بوو، سەگەكی ڕاگرتبوو، بەڕەلای گیانی ئەوانەی كردووە، كە لە ئەمری ئەو دەرچوونە كچێكی ناشرینی هەبوو، ناوی (خانزاد) بوو، ئەو خانزادە هاوڕێەكی هەبووە ناوی قەدەم خێر بووە ،كە كچەكی (برز و ئاڵی) بووە، بەڵام ئەو كچە كچێكی جوان و باڵا بەرز، قژ درێژ كە خۆی لە دوو باڵ و نیو دەدا، ئەو كچە خانزادی زۆر خۆش دەویست، بەڵام خانزاد هەرچەند چاوی بەجوانی و قژە درێژەكەی دەكەوت، زۆر پەرێشان دەبوو، لەمەوە رق و كینەی زیادكرد، بۆیە بڕیاری دا چاڵێكی بۆ هەڵكەنێ و بیخاتە ناویەوە. ڕۆژێكیان هاتە لای خانزاد و لە حەوشەكەدا سەگی هاری تێ بەردا و هەڵی شێلا، هەرچۆنێك بوو ڕزگار كرا، باوكی قەدەم خێر پیاوێكی هوشیار بوو زوو گەیاندیە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لای حەكیم و لە مردن دووری خستەوە. ئەم جارە حەكیم زادە شەیدای جوانی قەدەم خێر دەبێ و بڕیاردەدا دوای چاك بوونەوەی خوازبێنی لە باوكی بكات. قەدەم خێر كە هاتەوە باری لەشی خانزاد زیاتر بەرەو قوورسی دەچوو، گێژاوەكانی دەروونی هەتا دەهات زیادیان دەكرد. باوكی خانزاد لە باری خانزاد دەپرسی ، كە بۆچی وا بەغەم و داماو و خەمناكە ئەویش حاڵی خۆی بۆ باس دەكاو هەر زوو دەست و پێوەندەكانی كۆدەكاتەوە و قەدەم خێر دەڕفێنن و زیندە بە چاڵی دەكەن و دیار نەمانی قەدەم خێر دەنگی دایەوە و هەر ئەو كات چوونە لای حەكیم زادە و ئەویش شوێنی شاردنەوەكەیانیان تێگەیاند و گۆڕەكەیان هەڵدایەوە و دیتیان قژە درێژەكەی بۆتە سەرین و هێشتا دڵی لێ دەداو دەریانهێنا و ڕوویان كردە ولاتی حەكیم زادە خێرا لەگەڵ قەدەم خێر بوونە هاوسەری یەكتر. (سەلام مەنمی، 2007: 65).

نموونەی پراكتیكی لەسەر پەیوەندی كەلەپوور بە زانستی دەروونییەوە:-

لەم حیكایەتەدا (قەدەم خێر) بێ تاوانە و نەهامەتی ڕەشماڵی بەسەردا هەڵداون و تووشی گیروگرفت بووە مارانگازی دەستی چەپەڵە. خۆشەویستی چاوەڕوان نەكراو خۆی دەخزێنێتە ئەو جیهانە جەنجاڵ و تەمومژاوییەوە، كە ئەویش خۆشەویستی حەكیم زادەیە و شەیدای كچە دەبێت و بڕیار دەدات دوای چاكبوونەوەی بیخوازێ و سەركەوتن بۆ قەدەم خێرە، چونكە لە نەخۆشی چاك بۆتەوە و لە مردنیش دووری خستۆتەوە. بۆیە لەم هەقایەتەدا گەشبینی و دواڕۆژێكی پڕشنگدار لە كچە ڕەچاو دەكرێ و هەموو گیروگرفت و كێشەكان كۆتاییان پێ دێت هەوڵ و تێكۆشانی كەسەكان بەهەدەر ناچێت، كە ئەمەش بێگومان هوشیاری و زیرەكی نەتەوەی كورد دەردەخات لە چارەسەركردنی كێشە و گیروگرفتەكان ، كە دێنە پێشەوە. گومان لەوەدا نییە، كە ئەو شتانەی باس كران، هەر هەموویان ڕەنگدانەوەی تەواویان لە دەروونناسیدا هەیە: ڕەفتاری شەڕانگێزی لای پاشا و باوكی كچە كە خانزادە. هەروەها ڕەفتاری خانزادە ، كە دەقاودەق ڕەفتاری باوكی وەرگرتووە لە شەڕانگێزی و ئیرەیی بردن بە كەسانی دەوروبەر و جوانتر و باشتر لە خۆیان . ئینجا كێشەی هەژاری و دەوڵەمەندی گرفتێكە لە نێوان كەسەكانەوە. ڕەنگبێ ئەو سلوك و ڕەفتارەی كچی پاشا دەگەرێتەوە بۆ ( بۆماوەیی) یاخود لە دەوروبەر، واتە ژینگەكە وەریگرتووە و سەد لە سەد لە باوكی دەچێت. ڕق و كینەی لە ڕادەبەدەر كە بەكاردێنە سەر ئەوەی، كە زیندە بەچاڵی بكات و بە تەواوی لە پێش چاوانی بزر بكات و بە تەواوی دڵی خۆی ئاسوودە بكات. یەكێ لەو ڕەفتارانەی باوكی ئەوە بوو، كە سەگێكی هاری ڕاگرتبوو بۆ ئەو كەسانەی لە قسەی دەردەچن، سەگیان تێبەربدات و شەلو كوتیان بكات. دڵڕەقی و ستەم و زۆرداری پەیوەندی تەواوی بە دەروونی ئەو كەسەوە هەیە، كە كەسێكی ناتەندروستە لە ڕووی دەروونییەوە. لە كۆتاییشدا زۆر بە ڕوونی دیارە كە سەركەوتن هەر بۆ بەرەی خێرە و هەوڵ و تێكۆشان بەفیرۆ نەڕۆیشتووە و كچەكە (قەدەم حێر) لە مردن ڕزگاری دەبێت.( سەلام مەنمی، 2007 ، 65).

نەزەرگەی پیران:- ئەم هەقایەتە باس لەوە دەكات پیاوێكی سۆفی ڕیش سپی ناوی (قوربانی) دەبێت و یەكێ لە گوندەكانی (وارماوە) دەبێت ژنەكەی ناوی (خەجیلانە)یەو كچێكی ناوی (ئەستێ) و تاقە كوڕێكی ناو (هەیاس)ی دەبێ، پیاوەكە كەسێكی ڕاڕا و فرە ئیش دەبێ و ئیشەكانی بە نیوەچڵی تەواو دەكا و ڕۆژانەش هەر وەك داب و نەریتێك لای سەردانێكی (نەزەرگەی پیران) دەكات بۆ پاڕانەوە و هەندێ جاریش لەوێ لێی پاڵ دەكەوت. تا دەهات سپی هەڵدەگەڕاو لەشی دادەهێزراو نەخۆش دەبوو. تا دەهات ژیانی گوندەكەی لەبەرچاو ڕەش دەبوو تاوای لێهات بەردەوام لە گۆڕستان دەمایەوە. خەجیلان ئافرەتێكی مەردو كارامە و دەست ڕەنگین بوو، لە تەون و مەڕومالات بەخێوكردن و خەلەو خەرمان زۆر ئازا بوو، زۆر گەشبین بووله ژیاندا وەك مێردەكەی (ڕەشبین ) نەبوو كە ئەمە لە ڕووی دەروونییەوە سیفەتێكی زۆر نێگەتیڤە زۆریان لەگەڵ هەوڵدا لە كەس و كارو پیاوانی گوندەكە واز لەو كارە بهێنێت،

بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر دەمارگیرییەکەی و قسەی کەسی وەرنەدەگرت. خەڵک چەندین قسەیان دەربارەی دەکرد: هەندێ دەیان گوت: خدری زیندەیە یاخود دەیان گوت ڕەنگبێ پیاو چاکبێت. (هەیاس)ی کوڕی خەمخۆری بوو، سەری لێ دەدا، خواردنی بۆ دەبرد و زۆر خەمی لە باوکی دەخوارد، کە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات. چەندی کردی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناویان، سەری نەهێنا بەرێ و پێیانی گوت: تا ئێستا خێر نەهاتۆتە ڕێم ئەو ڕۆژەی تێدا لە دایک بووم ڕۆژێکی شووم بوو، تا دەهات کۆسپ و تەگەرە زیادیان دەکرد. دای لە خەفەتان و مرد ، باوکەکە سەرگەردان بوو کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو. هەیاس دنیای لێ وێک هاتەوە سەرئەنجام مرد و لای گۆڕی باپیریانەوە ناشتیان (مەنمی ،2007 ، 131 ).

**لەم هەقایەتە لە لایەنی دەروونییەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە:**

1. باوک لەم هەقایەتەدا بێ هۆشە واتە (وعی) نییە، سەرگەردانە، لێپرسراوێتی نەزانیوە، عیناد و کەللە ڕەقە، نازانێت بەرەو کوێ مل دەنێت و ئامۆژگاری لە کەس وەرناگرێت و دوورە پەرێز و نائومێدە لە ناو دڵە ڕاوکێدا دەژی و ماکی کۆنەپەرستی و کۆیلایەتی گەشە پێ دەدەن و هەڕەشەی گۆڕانکاری دەکەن.
2. کوڕ لەم هەقایەتەدا، کە (هەیاس) ە یاسای لاسایی کردنەوەی لە ئەستۆگرتووە واتە (لاساییکردنەوە)ی باوکی دەکات، شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی باوکیدایە و هەوڵی ئەوەش دەدات باوکی بگەڕێنێتەوە ماڵەوە و واز لەم کارەش بێنێت.
3. دایک لەم هەقایەتەدا، کە (خەجیلان)ە بەتوانا و زیندووە و دەست ڕەنگین و گەشبینە بە ژیان و ڕۆڵێکی هوشیار و لەبار دەبینێت و کاری دوورە پەرێزی و باوکسالاری ڕەت دەکاتەوە بڕوای بە پاشەڕۆژ هەیە تەنانەت ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە نان بۆ باوکی بەرێت، چونکە ئەو کارەی باوکی ڕەت دەکردەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نێو کەسوکاری. ژن خزمەتی زەوی دەکات، ئاژەڵداری دەکات ،تەون و دەست ڕەنگینی لە ڕادەبەدەری پێوە دیار بوو.
4. مرۆڤ بە ڕووداوەکان سەرسام دەکات لە گومان و دڵە ڕاوکێدا دەژین، شێت وسەرگەردان و دوورەپەرێز و خەفەت و مەراقیان بۆ خێزانەکەی جێهێشتووە.
5. پیاوەکەپێچەوانەی ژنەکە ڕەشبین و بە چاوێکی نێگەتیڤانە دەڕوانێتە ژیان و جیهانی لا تەسک کردۆتەوە و ژیانی لای بۆتە دۆزەخ و هەر لە مردن و جیهانی مردن دەڕوانێت و بێ هودەیە و بەتەواوی لە جیهانی واقیعی دابڕاوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام

- داستان و بەیتە کوردییەکان ، لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و کەلەپووری میللەتەکەمان دەستێکی بالایان لە دروستکردنی مێژووی نەتەوایەتیمان دا هەیە،بە مێژووی فەرمی و زارەکییەوە.
- داستان و لاوک و بەیتە فۆلکلۆرییەکان لە ڕۆژگاری دێریندا ئاوێنەیەکی بێگەرد بوونە ، و واقیع و ڕاستییەکانی مێژووی تێدا دەبینرێت،وەک دیکۆمێنتێک بۆ مێژوو گرنگییەکی تایبەتییان هەیە.
- هەر کەسێک بیەوێت شتێک دەربارەی قەڵای دمم و خانزاد و لەشکری و زۆر لە بەیتە کوردییەکان بزانێت دەبێت بچێتەوە سەر مێژووی ڕوودانیان و بچێتەوە سەر دەقە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان و بێ ئەو دەقانە، مێژوویان ڕاست و درووست دەرناچێت.
- زانستی مرۆڤ (ئەنثرۆپۆلۆژیا)یاخود مرۆڤناسی پەیوەندییەکی (جدلی) هەیە لەگەڵ فۆلکلۆر و کەلەپووردا بە تایبەتی (ئەثنۆگرافیا)کە گرنگی بە وەسفی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە دەدات.
- ئەو بابەتانەی کە لە (ئەنثرۆپۆلۆژیا) دەبێتەوە، پەیوەندییەکی تەواویان بەسەر ڕۆحی میللی و هەڵس و کەوت شیکردنەوەی جۆری کەلتووری کۆمەڵگەوە هەیە کە بەشێکی گرنگی کوردناسییە لای ڕۆژهەلاتناسەکان.
- هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان کەلەپوور و کۆمەڵناسیدا هەیە و یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە کەلەپوور و کۆمەڵناسیدا دەبینرێت، داب و نەریت و بیر و باوەڕ و بەها کۆمەلاتییەکانی ناو کۆمەڵگەیە، بەمەش ئەنثرۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسی لەگەڵ کەلەپووردا لە زۆر بابەتدا هاوبەشن.
- ئەو کەلتوور و ئەو شێوازەی ژیانی کۆمەڵگە لەو داب و نەریت و بەها و زۆر لەو دیاردە ناپەسندانەی کە هەبووە، دەکرێت گۆڕانیان بەسەردابێت، کەلتووری نوێ و پەسندی لە شوێن دروست بکرێت، کە ئەمە ئەرکی زانستی کۆمەڵناسی یە و تاوەکو چارەسەرکردنیشیان لەگەڵ یەکدا هاوبەشن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The Relation between Popular Heritage and other Sciences

**Ibrahim Hasan Hamad**
Kurdish Deprartment,College of Education, University of Salahaddin, Kurdistan Region Iraq-Erbil.
E-mail: Ibrahim.hamad1@su.edu.krd

**Abstract:**
This study is about the relation between popular heritage and some humanitarian sciences such as history، sociology and enthropology، a study of man، how they move and interact with society. History is divided into two basic parts، written which is recorded by historians and oral which is narrated from one generation to another. In the ancient era، epics، lawik and hairan (special type of song related to Kurdish culture) are considered as a mirror to reflect factual and historical events. They are considered as a reliable document for popular heritage. Concerning، enthropolgy، has a great relation with the popular heritage because it is emerged from anthropology.

**Keywords:** Popular Heritage, Anthropolgy, Psychological analysis, Sociology.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# العلاقة بين التراث الشعبي والعلوم الأخرى

**ابراهيم حسن حمد**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كردستان ،العراق.**

**ئيميل:** Ibrahim.hamad1@su.edu.krd

**خلاصة البحث:**

يتناول هذا البحث (علاقة التراث الشعبي بعدد من العلوم و خاصة الإنسانية مثل التأريخ و علوم الإنسان و علم الإجتماع. فيما يتعلق بالتأريخ فانه ينقسم إلى قسمين رئسيين: التأريخ الرسمى و التأريخ المحكي أو الشفهي. ان الملاحم و اللاوك و الحيران الفلكلورية فى عهد القديم او البائد هي بمثابة المرأة النقية لعرض الواقع والحقائق التأريخية و بمثابة الوثيقة المعتمدة للتأريخ الشعبي لهذا أهميتها ايضا. و علم الإنسان أو ما يسمى بالأنثروبولوجى لها علاقة جدلية مع التراث الشعبي و الفولكلور. لأن التراث الشعبى يولد داخل رحم انثروبولوجيا او ما يسمى ب(علم الإنسان). أما فيما يتعلق بعلم الإجتماع ،فان العلم الإجتماع لها علاقه عميقة بالتراث الشعبى لأن العلمين المذكورين يتحدثا عن الإنسان كظاهرة إجتماعية ويهتم أيضا بالتنشيئة الإجتماعية و تربية الأسرة و يعطيانه القيم النبيلة وذلك للإبراز المجتمع سليما معافا. وأخيراً فان تراث الشعبى لها علاقة مهمة ايضا بعلم النفس الإجتماعي لأن العلم التراث تأخذ نصوصها من الحكاية والأساطير و كافة أنواعها مادة خامة لدراسات النفسية و سلوك الإنسان بكافة أنواعها .

**كلمات الافتتاحية :** التراث الشعبي، أنثروبوللغي، التحليل النفسي، علم الاجتماع.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد بەحری (20 ی ڕەشەمێ) ، بەیت، گ/سروە، ساڵی سێیەم،مهاباد.

ئەکبەر وەلەد بەگی(2009) ، کۆمەڵناسی بۆ ژیان ، و/ خالید حەسەن پێنجوێنی، چاپخانەی سلێمانی.

حەسەن ،مەولود ابراهیم (2005 ) ،گرینگی دەقێکی مێژوویی ، گ/ئاسۆی فۆلکلۆر ،ژ17 ، هەولێر.

فوئاد تاهیر سادق (2001) ، هۆشیاریمان، چاپخانەی کەژین ،سلێمانی .

شوکریە ڕەسوڵ (د) ( 1984)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی/بەشی دووەم ، هەولێر.

عەزیز وەلیانی ( 1984)، ژیلەمۆ( ئاوڕێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی)، چ1، مەهاباد .

مەنمی،سەلام (2007) ،بەراوردی چەند ئەفسانەو چیرۆکی میللی کوردی وبیانی ،چ2، دەزگای ئاراس ،هەولێر .

محمد ،توانا عوسمان (1977) ،فرۆیدی رەشبین وشیکردنەوەی دەروونی ،ط/رامان ،ژ11، هەولێر.

یاسین حەسەن گۆران(2009)، کەلەپوورنامەی کوردەواری ، چ1، وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.

الرفاعی ، جمعە سید زید ،(2005)، المأثورات الشعبية ، (النظرية و التأويل)، ط1 ، دار المدى ، سوريا ، دمشق .

السامرائی، هاشم جاسم ،(د) ،(1988) المدخل الى علم النفس ،مطبعة منير ،بغداد .

المطور، عزام أبو حمام (2007)، الفولكلور ، التراث الشعبى (الموضوعات ، الأساليب و المناهج) ، دار اسامه للطباعة و النشر ، الاردن .

سعفان ، حسن شحاته، (1973) أسس علم الاجتماع، دار النهضة العربية، ط1، مصر .

عارف ،مجيد حميد (د)(1990 )، مطبعه التعليم العالى، بغداد .

قاسم ، عبده قاسم، (2007)، بين التأريخ و الفلكلور ، عين الدراسات و البحوث الإنسانية و الإجتماعية ، مصر .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/14،ساڵی 2007، هەولێر.

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/11، ساڵی 2007، هەولێر.

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/17، ساڵی ،2007، هەولێر.

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/19 ، ساڵی 2007، هەولێر .

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/147، ساڵی 2007، هەولێر.

گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/29، ساڵی، 2007، هەولێر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020